# شەرم بۆ ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەریتانیا و ئەوروپا

**عامر سابیر**
asabir79@hotmail.com

**لە 5ی ئەم مانگەدا حکومەتی بەریتانیا دەیان پەنابەری کوردی دیپۆرت کردەوە بۆ کوردستان، بە زۆر وە بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆیان.**

**ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی و دژی پەنابەریەی حکومەتەکەی تۆنی بلێیەر، وە ئەو ڕێکەوتنە کۆنەپەرستانەیەی بەینی بەریتانیا و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانی کوردستان، کە لە ئەنجامیدا پەنابەران دیپۆرت ئەکرێنەوە، نەبووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە کوردییەکان ناڕەزایەتی دەربڕن بە شێوەی جیا جیا لە ناردنی نامەی ناڕەزایەتی تا خۆپیشاندان و بەرێخستنی کەمپین لە دژی دیپۆرت. ئەم بێدەنگییەیان، ئەگەر لە بێ ئاگاییانەوە بێت یان لە بە ئاگاییانەوە ئەوا کارێکی زۆر خراپە.**

**بەڵام لەم نێوەدا پەنابەران بێ پشتیوانی نەبوون، هەروەك لە چواردە ساڵی ڕابردوودا نەبوون. فدراسیۆنی شورای پەنابەرانی عێراقی و بەرپرسەکەی لە بەریتانیا دەشتی جەمال کەمپینێکی گەورە و فراوانی لە بەریتانیا و لە سەر ئاستی دنیا لە دژی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە بەڕێکرد، کە چەندین ڕێکخراوی جیهانی وەك ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و دەیان حیزبی سیاسی و نەقابەی کرێکاری و ڕێکخراوی پێشکەوتوخواز لە دژی ئەم بێ مافییە بە پەنابەران و لە دژی ئەو درۆ گەورەیەی کە ئەڵێ کوردستان ئامنە و مافی مرۆڤی تیادا پێشێل ناکرێت، دەنگیان هەڵبڕی، وە هەروەها لە ڕۆژی 2006/9/5 فدراسیۆنی شورای پەنابەران خۆپیشاندانێکی لە بەردەم وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بەرپا کرد.**
**ئەو کوردستانەی کە ئەمانە ئیدیعای ئامن بوونی ئەکەن کێکارانی مانگرتوو وە خۆپیشاندانی جەماوەری ناڕازی تیادا گولە باران ئەکرێت، موخالفینی سیاسی دەسەڵاتداران و ڕابەرانی بزوتنەوە جەماوەریەکان تیایدا توشی تیرۆرو ڕاونان و زیندانی و ئەشکەنجە ئەبنەوە. ئەمانە بە خۆیان و دەسەڵاتی سەرکوتکەر و سەپێندراویان وە بە دزی و گەندەڵیانەوە، بە ڕەفتاری بەعس ئاسایانەوە خەڵك ناچار ئەکەن هەڵبێت لە دەستیان وە ببێتە پەنابەر لە وڵاتانی تر.**
**پەنابەران بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیان، پێویستە کە یەکگرتووبن وە خۆیان ڕێکخراو بکەن وە ببنە ئەندامی فدراسیۆنی شورای پەنابەران کە کەمپینی حککع لە دەرەوەی وڵات بۆ دیفاع لە پەنابەران و بەدەست هێنان و سەپاندنی بەشی زۆری داخوازی و مافە ڕەواکانیان بەسەر دەوڵەتە جیا جیا کاندا.**
2006/9/10